بیرۆکراسی

تەنها ڕێسایەك کەلەدامەزراوەکانی وڵاتی ئێمەدا جێبەجێ دەکرێت بریتییە لەسیستەمی لێپرسینەوە لەو کارمەندەی کەدوا دەکەوێ لە دەوام، ئەمەش بۆ هەموو کەسێك نییە

پەیوەند کەمال

ڤیبەر لەبارەی بیرۆکراسییەوە پێی وایە (پەیوەندی لەنێوان هەر نوسینگەو دامەزراوەیەك لەسیستەمی دەسەڵاتدا بەپێی کۆمەڵێك ئیجرائاتی روون دەست نیشانکراوە، لەگەڵ بوونی کۆمەڵێك پێوەر بۆ ڕەفتاری بەشداربوون لەو سیستەمەدا بەشێوەیەکی گشتی ڕەفتارو هەڵسوکەوت لەنێو ئەو دامەزراوانەدا بەپێی پێوەرو ڕێساکانی دیاریکراو دەستنیشان کراوە، هەموو دامەزراوەکانی ئەو سیستەمەی دەسەڵات بەهۆی ئەو ڕێسایانە کارلێك دەکەن پێویستیشە بەجۆرێك بێت هەموو کەسێك وەرییگرێت و لێی تێبگات، هەر بەهۆی ئەم یاسایانەوە پەیوەندی نێوان دامەزراوەکانو هاوولاتی ڕێك دەخرێ. لەنوسینگەو دامەزراوەکانی وڵاتی ئێمەدا ئارەزووی کەسەکانو ناسیاوی و بەرژەوەندی کەسەکان سەنگی مەحەکن بۆ دروستکردنی ئەو کارلێك و پەیوەندییە لەنێوان دامەزراوەکان خۆیان و پەیوەندیان بە هاوولاتیانەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەڕێسایەکی گونجاو و دیاری کراو نییە، بەهۆیەوە نوسینگەکانو دامەزراوەکانی دەسەڵات پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن، هەروەها ڕێسایەکیش نییە بەهۆیەوە هاوولاتی بیەوێ کاری خۆی تێپەڕێنێ لەدەزگایەکی دیاریکراودا بۆیە ئەگەر کەسێك کارێکی هەبێت لەدەزگایەکی دیاریکراودا یەکەمین هەنگاو دەبێت دۆزینەوەی کەسێکی ناسیاوە بۆئەوەی بتوانێت زوو کارەکەی جێبەجێ بکات تەنها ڕێسایەك کەلەدامەزراوەکانی حوکم لەوڵاتی ئێمەدا بەسەر زۆربەی خەڵکدا جێبەجێ دەکرێت بریتییە لەسیستەمی غیابات لێپرسینەوە لەو کارمەندەی کەلەدەوامەکەی دوا دەکەوێ، ئەگەرچی ئەمەش بۆ هەموو کەسێك نییە، کەسی واهەیە تەنها بۆ وەرگرتنی موچە سەردانی ئەو شوێنە دەکات هەندێك جار موچەکەشی بۆ دەبەنە ماڵەوە.

پسپۆڕێتی لەکارەکاندا

هەموو کارەکانی سیستەمێکی دیاریکراو دابەش کراون بەسەر کۆمەڵێك لەو دامەزراوانە ئەرکێکی جۆراوجۆر هەریەکێك لەو دامەزراوانە ئەرکێکی دیاریکراویان هەیە، ئەو کارمەندانەش کەلەو دامەزراوانە کاردەکەن خاوەن پلەو ئاستێکی بەرزن لەشارەزایی بۆئەوەی کارەکانیان بەشێوەیەکی گونجاو ڕاپەڕێنن، هەروەها پێویستە بەبەردەوامی ئاستیان بەرزبکرێتەوەو کۆرس و ڕاهێنانی جۆراوجۆریان بۆ بکرێتەوە بۆئەوەی لەگەشەو پێشکەوتنی نوێ دانەبڕێن، ئەوەی کەهەستی پێ ناکرێتو نابینرێت لەدەسەڵاتی بەڕێوەبردن لەوڵاتی ئێمەدا ئەو خاڵەیە پۆستەکانو شوێنەکانی بەڕێوەبردنو دەسەڵات بەهیچ جۆرێك ڕەچاوی پسپۆڕێتیان تێدانەکراوە، بەو مانایەی کەپسپۆڕێتی و شارەزایی بەکارێکی دیارکراودا نابێتە بنەما بۆئەوەی تۆ لەو شوێنەدا دابنرێیت کەشارەزایت تیایدا هەیە، بەڵکو ئەوە گرنگە چەند حزبێك و چەند بەرپرسی گەورە دەناسی ئەگینا پسپۆڕییەکەت هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێت و ئەو بڕوانامەی وەرت گرتووە لەچوارچێوەیەکی جوان لەماڵەوە هەڵیواسە!

ئەمڕۆ پلەی حزبایەتی خەباتی شاخ..هتد یەکسانن بەپۆستی وەزیرو ئەندامی پەرلەمانو هتد، پێکهاتەی حکومەتیش دەقاودەق ئەمەیە کەلەحزبدا هەیە، واتە لەسەر بنەمای عەشیرەت گەریو دەسەڵاتو هێز خەڵك دانراوە، بۆیە ئاساییە کەپەرلەمان تەنها شوێنی دەست بەرزکردنەوەو بڕیاردانی بەکۆدەنگە لەسەر هەندێك مافی چارەنووس ساز، کەبێگومان بەرلەوەی بێنە ئەو هۆڵەوە بڕیاری یەکلاکەرەوەیان بۆ دەرچووە.

بابەتیبوون لەکارکردنداو وەلانانی ئارەزووی تاکەکەسی لەبواری ئەو کاریگەریانەی کەتاك هەیەتی بۆسەر دامەزراوەکان، ئەو سودەی کەتاك دەیبینێت لەکاتی ڕۆڵ بینین لەشوێنێکدا ماکس ڤیبەر دەڵێت (کارلێك و پەیوەندی لەنێوان سیستەم و کارمەندەکان لەسەر کۆمەڵێك بنەمای دیاریکراو بەدوورە لەهەموو کاریگەریو ئارەزوویەکی تاکەکەسیو ژینگەی کارکردن لەگەڵ ئەوەی پێویستە کۆنترۆڵ بکرێت لەرووی هەڵچوونو ویستی تاکەکانو ڕەهەندی یاسایی، بەبێ جیاوازی جێبەجێ بکرێت بەسەر هەموو تاکەکاندا، ئەو بڕیارانەی دەردەچن بەسیستەمی گشتییەوە وەك خۆیان جێبەجێ دەکرێن بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئامانج و سیستەمەکانی سیستەمەکە ئەو مومارەسانەی لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی خۆشەویستی ئەنجام دەدرێن لەچوارچێوەی کاردا لەسیستەمی بیرۆکراسیدا هیچ گرنگییەکی پێ نادرێت.

بەشێکی زۆر لەوانەی لەدامەزراوەکانی دەسەڵات لەوڵاتی ئێمەدا کاردەکەن ئارەزووە کەسایەتییەکانی خۆیان و هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی پلەوپایەو سامان لەیەکەمین ئەو کارانە دێن کەئەنجامی دەدەن، توانەوە لەنێوان دوو گروپو بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا تەنها دروشمەو بەدەربڕینو قسە گوزارشتیان لێ دەکرێ، بۆیە ئەگەر بەوردی دراسەی پێکهاتەی دەسەڵات بکەین لەکۆمەڵگەی کوریدا، دووچینی گشتیمان بەرچاو دەکەوێت کەهیچ چوارچێوەیەکی زانستی ناتوانێت شیکردنەوەیان بۆ بکات، چونکە دوورن لەهەموو پێودانگێکی زانستی" چینی یەکەم لەرووی ئابوورییو سیاسییەوە بالادەستو خۆشگوزەرانو بێ گرفت دەژیت، چونکە هەموو سەرچاوەیەکی پێویستیان لەبەردەستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجو مەبەستە تاکەکەسیەکانیان، چینی دووەم چینی هەژارو کەم دەرامەتو بێ کارەباو بێ سووتەمەنیو شوێنی نیشتەجێبوونە، کەجگە لەگوێرایەڵی بۆ دەسەڵات هیچ ڕۆڵێکی دیکەی ئەو تۆیان نییە لەکۆمەڵگەدا.

تۆمارو بەڵگەکان

ماکس ڤیبەر لەم رووەوە پێی وایە یەکێك لەو بنەما گرنگانەی پێویستە لەهەر دامەزراوەیەکدا هەبێت بۆئەوەی لەئاستێکی بەرز کارەکانی بڕوات بەڕێوە، بوونی دیکۆمێنتو نوسراوی پێویستە کەلەپێشدا بەکارهێنراون، ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت (هەموو مامەڵەو کارێك لەچوارچێوەی پێویست بەشێوەی بەڵگەو دیکۆمێنتی ڕەسمی هەڵبگیرێت، بۆئەوەی لەداهاتوودا لەکاتی بڕیاردانو ئامادەکردنی ڕاپۆرتو پرۆسەی هەڵسەنگاندندا سودیان لێ ببینرێت. کاتێك ئەم تێزەیان ئەم بۆچوونە بەراورد دەکەیت بەویارودۆخەی لە دامەزراوەکانی ئێمەدا هەیە، بۆمان دەردەکەوێت چەند ئێمە هەژارین لەم بوارەدا بەجۆرێك دەبێت لامان ئاسایی بێت ئەگەر هاوولاتییەك مافی خوراییەتو نەتوانێت ئەوەی مەبەستیەتی لە شوێنێکدا بەدەستی بهێنێتو معامەلەتو ئەو کارەی دەیەوێت بیکاتو دەبێت چونکە ئەم سیستەمە زانستییەی ڤیبەر ئامازەی بۆ دەکات بەوشێوەو فۆرمە ڕێکخراوە هەرگیز بەشێك لە سیستمی کار لەدامەزراوەکانی دەسەڵات لەوڵاتی ئێمەدا پێك ناهێنن.

ئەو کاتەی لە ئاوی ئاراس پەڕیمەوە

بەشی حەوتەم
عەبدوڵڵا پۆڵا

دکتور بەرهەم هەموو ڕۆژێ سەردانی نەخۆشخانەی دەکرد، سیستمی نەخۆشخانەکان هەموو حکومی بوون و نەخۆشخانەی تایبەت بەدی نەدەکرا، ئەونەخۆشخانەی تێیدا بووم لە ناو جەرگەی چوارژور بوو، لە کۆمەڵگایەکی گەورە پێك هاتبوو کە هەموو بەشەکانی تێدابوو، من لە بەشی هەناودا بووم، ئەم بەشە بریتی بوو لە قاوشێکی گەورە ژوورەکانی بەرامبەر یەکتر بوون، پیاو و ژن پێکەوە لە هەمان قاوش بوون بەڵام ژنەکان لە ژوورەکانی بەرامبەرمان بوون، هۆڵێکی گەورە تەلەفزیۆنێك و چەند مێزێك ڕیز کرابوون، کاتی نان خوارن لەو هۆڵە دادەنیشتین، هۆڵێکی گەورەی دیکە لە نزیك دەرگای سەرەکی بوو بۆ عەمەلیات بەکار دەهات، لەدەرەوە باخچەیەکی گەورە شەقامەکانی بە جۆرەها گوڵ ڕازێنرابوونەوە، ڕۆژێك دکتۆرێکی ئافرەت ناوی "سڤێدە" بوو هاتە لام و گوتی: "ئامادەبە عەمەلیاتی قەستەرەت بۆ دەکرێت"! سڤێدە لە نەتەوەی تورك بوو، ئەسمەرێکی خوێن گەرم و دووچاوی ڕەشی گەورەو پرچێکی ڕەشی درێژو دەم بە پێکەنین بوو، بالاً مام ناوەندی کەمێ تێك چەقیو، بریقەی چاوەکانی لەگەڵ ئەسمەریەکەی و سەدریەکی سپی تێکەڵ دەبوون و شەری لەگەڵ مۆنالیزا دەکرد، لەگەڵ دکتۆرێکی تر کە ئەویش هەر ژن بوو ناوی "ئۆلا" لە نەتەوەی ڕووس بوو، بەژن و بالاًیەکی ڕێك، قژ زەردی چاو شین، دەموچاوێکی سوورو سپی بریقەدار ڕێك لە قژزەردە بەژنو بالاً ڕێکەکەی، چاو شینەکەی شاعیری مەزن گۆران دەچوو، بەر لە نەشتەرگەری بەوتەی خۆش دڵیان دەدامەوە، سڤێدە هاتە پێش و بە خەندەوە لێی پرسیم: "کامان جوانترین؟" لە دڵی خۆمدا کەوتمە لێکدانەوە "گەر بڵێی یەکتان لەوەی تر جوانترە ئەوا یەکیان دەڕەنجێ و لەوانەیە دەستی باش کارەکەی نەگرێت" بیە وڵامم داوەو وتم "یەك لەیەکی جوانترن" گوتیان باشە هەموو جلەکانت داکەنە، خۆم لەگێلیدا کەوا لێیان تێناگەم، سڤێدە هات وقایشی پانتۆڵ و دوگمەی کراسەکانی کردمەوە، ئۆلاً سەرچەفێکی لە خستە نێودەستم، لەو کاتەدا دکتۆر بەرهەم و یەکێکی تر هاتنە ژوورەوە، باش بوو وورەم هاتەوە بەر، دوو سەعات دواتر بە کەوڵ کراویی گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم.

لە ژوورێکدا بووم شەش سەرینی تێدا بوو، هەموو بەیانییەك کە دکتور دەهاتە ژوورەکەمان یەکسەر بۆ لای من دەهات، نەخۆشەکانی تر دەیانووت شتێکت لە گەڵ دکتۆر هەیە بۆمانی باس ناکەیت، هەستم دەکرد ئەمە پەروەردەی سۆشیالستییە پتر گرنگی بە نەتەوەکانی تر دەدەن، وامدەزانی ئەوەی مام عەزیزی قازیخانەی لە مەڕ سیاسەت و ڕەوشت لە وڵاتانی سیستمی سۆسیاڵستی شیکردنەوەکانی هەمووی بە پراکتیك ئەنجام دەدرێت، مام عەزیز بە شێوەیەك لە مێشکی کۆپی کرابوو کەوا پەروەردەو پرۆگرامەکانی خوێندن بە جۆرێك دارێژرابوون چەوسانەوەی نەتەوەیی جیاوازییەکانی نێوان هەموو نەتەوەکان بنەبڕ کراون، ئەو پێناسە دەروێشانیەی مام عەزیز دەیکرد و لە بڵاوکراوەکانی حزبییش بەر گوێمان دەکەوت ودەماخوێندەوە لە دکتۆردا خۆی پیشاندەدات و بە کردەوە ئیسپاتی دەکات، لینینی مەزن لە ٢٢ /١٢ /١٩٢٢ لە مەڕ پرسە نشتمانی و نێونەتەوەییەکانی پرۆلیتاری چەند تێبینییەکی لە مەڕ سەربەخۆیی بڵاو کردەوە دەڵێت﴿ من واهەست دەکەم نەرمی دەنوێنم گەر هاتوو بە توندی لە سەر ئەو باسەی بە شێوەیەکی تێکەڵاو لە سەر یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی بڵاوەی کردووە، لە هاوینی ڕابوواردوو کاتێك ئەم کێشەیە مشتومڕی لەسەر کرا نەخۆش بووم و لە سەرجێگا کەوتبووم، بەڵام بڕوام هەبوو لە پایزدا چاك ببمەوە لە کۆنگرەکانی دەوری لە ئۆکتۆبەر دێسەمبەر گرێدەدرێت بەشداری بکەم و بەدرێژی باس لەم کێشەیە بکەم، لە کۆنگرەی ئۆکتۆبەر نەمتوانی بەشداری بکەم، بە هەمان شێوە لە دێسەمبەریش نەمتوانی، ئەم کەیسەم لە دەست چوو، چەند کاتێکم بۆ گونجا لەگەڵ هاوڕێ "دیزیرجنسکی" کە لە قۆقازەوە هاتبوو بکەومە دەمەتەقێ، ئەو باسی ئەو کێشانەی لە جۆرجیا سەریان هەڵدابوو بۆ دەکردم، توانیم لەسەر هەمان پرس لەگەڵ هاوڕێ زینۆڤیف، چەند پەیڤێك ئاڵوگۆڕبکەم، سەرنجی خۆم لەمەڕ ئەم کەیسە ڕوون کردەوە، هاوڕێ دیزیرجنسکی بە سەرۆکایەتی وەفدێك کە لە لیژنەی مەرکەزی نێردرابوو، بۆ ئەوەی لە کێشەی جۆرجیا بکۆڵنەوە، بۆیە زانیاریم لە مەڕ ئەم کێشەیە هەبوو، دیزیرجنکی ڕوونی کردەوە کەوا دەتوانین ئەو تەنگژەیەی جۆرجییەکان و قۆقاز تێیکەوتون شی بکەینەوە، زۆریش ڕوونبوو پرسەکانی سەربەخۆیی لە لایەن جۆرجییەکانەوە بە هەڵە تێگەیەنرابوون، دەزگایەکی یەکگرتوو بۆ ئەم پرسانە دانرابوو، بەڵام ئایا ئەم دەزگایە لە چ کەسانێك پێك هاتبوو؟ ئایا ئەم دەزگایە لە پاشاوەی دەزگای قەیسەرەوە نەهاتووە؟ پاش ئەوەی بە ڕەنگێکی سۆڤیەتی ڕەنگ دەکرێت، دەبوایە پاش ئەوەی متمانەیەکی بە هێزو دەزگایەکی بەتوانامان دروست کردبوایە، ئەوکات لەتوانابو شتێك بکەین و بڵێین ئەم دەزگا تۆکمەیە سەر بەئێمەیە، پێشتریش لە یادگارییەکانم ئاماژەم پێکردبوون، ئەم دەزگایە لە کەسانی بۆرژواو قەیسەری پێك هاتوون، نەمانتوانی لە پێنج ساڵی یەکەمدا بە هۆی بەشداربوونمان لە بەرەکانی شەڕو هەروەها دەربازبوون لەو قات و قرییەی تێیکەوتبووین، هیچ بکەین. سروشتییە لەم کاتانەدا بەرزکردنەوەی ئالای ئازادی و جیابوونەوە بکەینە پاساو بۆ ئەم تەنگژەیە، ئەو ڕووسە بۆ برژوازییەی کە خۆی بە زلتر لە نەتەوەکانی غەیرە ڕووسی دەزانێت، لەناوەڕۆکدا ڕووسێکی شۆڤینیست و فێڵبازە، بەشێکیش لە کرێکارەکانی سۆڤیەت وەکو چۆن مێشوولە لەناو ماستا نقوم دەبێت لە ناو ئەو ڕەوتە گێرە شێوێنە نقوم دەبن، بۆ ئەوەی کارێك بکرێت ئەنجومەنی سۆڤیەتات گرنگی بە کێشە نەتەوەییەکان و جیاکردنەوەی دەزگاکان و سیستمی پەروەردەی نەتەوەکان بدرێت، پرسیارێك دێتە کایەوە ئایا دەتوانین سەربەخۆیی ئەنجومەنی سۆڤیەتات بپارێزین، واهەست دەکەم ئەم کاردانەوانە گرنگی پێ نەدرابێت، لەو کاتەی دەمانتوانی بیکەین لە کاتی خۆی نەمانکرد، وا هەست دەکەم ستالین ڕۆڵی کوشندەی لەم کەیسەدا نواندبێت، چونکە ئەو لە مەسەلە ئیدارییەکان خێرایە ونەرمی نانوێنێت، هەروەها ستالین ڕکابەریی لە هەمبەر سۆسیالیستی نەتەوەی دەنوێنێت، ڕکابەرییش لە سیاسەتدا ڕۆڵێکی تێکدەرانە دەبینێت، ترسیشم لە هاوڕێ دیزیرجنسکی هەیە پاش ئەوەی نێردرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قۆقازییەکان (لە ١٩١٨تاکو ١٩٢٢) ئەم ساڵانە بە سەختترین قۆناغ لە مێژووی بنیاتنانەوەی سۆڤیەت دادەنرێت.

پەروەردەو پرۆگرامەکانی خوێندن بە جۆرێك دارێژرابوون کە چەوسانەوەی نەتەوەیی و هەموو جیاوازییەکانی نێوان هەموو نەتەوەکان بنەبڕ بکات، وتەکانی مام عەزیزی قازیخانەم بەبیر دەهاتەوە، کاتێ دەیووت لە یەکێتی سۆڤیەت پتر لە ١٥٠ نەتەوە هەیەو هەمووشیان مافی کلتووری و ڕۆشنبیریان پێدراوە، مام عەزیز کادرێکی جووتیاری ناسراوی ناوچەی دەشتی هەولێر بوو، لە دوای ساڵی ١٩٨٥لەگەڵ مام عەزیز کارم کردووە، بە جووتە هەموو گوندەکانی نێوان ڕێگای کەرکووك و مەخموورمان کردبوو، زۆر ڕێزیان لە مام عەزیز دەگرت، بە ڕۆژ لە یەکێك لەو مالانەی دۆستمان بوون ئیختیفا بووین، بە شەویش لەم دێ بۆ ئەو دێ دۆستەکانمان بە سەر دەکردەوەو هەواڵی حزب و ڕێکخستنەکان ڕپێشمەرگەو چالاکیەکانی حزمان پێڕادەگەیاندن، مام عەزیز بە شێوەیەکی وا ولاتانی سۆشیالستی لە مێشکی چەقیبوو، کە بڕای بڕ یەك تاڵە موو کەموکورتییان نییە خۆ ئەگەر ڕەخنەیەکت لە سیاسەتی ئەم ولاتانە گرتبوایە، وای هەست دەکرد جوێنت پێدراوە، جارێکیان سەدامی گۆڕ بە گۆڕ سەردانی یەکێتی سۆڤێتی کردبوو، وتم مام عەزیز حزب ئالای ڕووخانی ڕژێمی سەدامی هەڵگرتووەو لەوەش سۆڤیەتیەکان دۆستی سەرەکیمان هاریکاری سەدام دەکەن، وتی بەرخم تۆ لە سیاسەت نازانی، سۆڤیەتیەکان پشگیری ڕژێمی سەدام دەکەن بۆ ئەوەی نەخزێتە باوەشی ئەمریکاوە، سەدام کردەوەی باشی کردووە وەك خۆماڵی کردنی نەوت و یاسای چارەسەر کردنی کشت وکاڵ یاساکانی باری کەسێتی و پرۆژەکانی خزمەتگوزاری وزۆری تر،

هیچ کات بیرم نەدەکردەوە ڕۆژێك دەکەومە وڵاتی سۆڤیەتەوەو دکتۆر بەرهەم چارەم دەکات، گومانم لە دکتۆر بەرهەم دەکرد کە کوردبێت، بەژن و بالاً مام ناوەندی دەم وچاو ڕەنگ گەنمی سەرێکی گەورەو پشتی سەری پان، لە ئۆزبەکی نەدەچوو، پتر لە کورد دەچوو، ئۆزبەك دەمو چاویان خڕو ڕەنگی پێستەیان زەرد لە نەژادی چینییەکان نزیك بوون، ڕۆژێکیان لە دەرەوەی ژوورەکانی نەخۆشخانە تووشی بەرهەم بووم گوتم دکتۆر لەچ نەتەوەیەکی باسی زەردەشتییەکانی دەکرد، یەکەم جار وامزانی لە نەتەوەی ئۆزبەکە، بەڵام خۆی گوتی کە لە زووەوە خەڵکی ئۆزبەکستان بوون. کوردەکانی کۆمارەکانی سۆڤیەت زۆربەیان زەردەشتی بوون، ئۆزبەکستانیش کوردی تیایە بەڵام زۆر کەمن، لە شاری "چارژوو" نیشتەجێو کاریی دکتۆری دەکرد لەم شارە.

نەخۆشێکی گەنجم لەتەنیشت بوو لە نەتەوەی ڕووس ناوی "یوری" بوو، دوای ئەوەی هاوڕێیەکی سەردانی کرد، پەڕتوکێکی بە دەستەوە بوو وێنەی ستالینی لە سەر بوو. وتم چۆن لە ستالین گەیشتی، وتی لە دوای مردنی لینین گەورەترین مەترسی لەو وڵاتە سەری هەڵدا، ئێستا وا هەست دەکەم سۆڤیەت لە سەردەمی غۆرباشۆف و پیرۆسترۆیکا و گلاسنۆست بە هەمان قۆناغی هەستیاردا تێپەڕدەبێت.

تەنیشتەکەی ترم مامۆستایەکی وانەی جوگرافیا بوو لە نەتەوەی تەتەر، لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شاری "چارژوو" وانەی دەوتەوە، پیاوێکی کامل درێژ و لاواز بوو، نەخۆشی قورحەی دوازدە گرێی پێوەنوسابوو، زانیاری لە سەر زۆربەی وڵاتانی جیهان وجوگرافیاو کەش و هەوا و باری سیاسی شەڕو شۆڕەکانی ناوچە جیا جیاکان وشەڕە گەورەکانی جیهان هەبوو، لە گەڵ یوری هەندێ باس و خواسی گەنجان و هیواو ئاواتیان لە کۆمەڵگەی سۆشیالستی چارەسەر کردنی کێشەو گیرو گرفتەکانی گەنجان، ئەو لە کۆمەسمۆڵ ئەندام بوو.